# زەکاتی گەنم وجۆی ئاودراو بە باران

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ زكاة القمح والشعير ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# زەکاتی گەنم وجۆی ئاودراو بە باران

**پرسیار:** ئێمە چەند پارچە زەوییەکمان هەیە بەئاوی باران ئاو دەدرێن،کەسێك کردبووی بەگەنم و جۆ وە لەسێ بەش یەك بەشی بۆ ئێمە بوو .. ٦٠٠ کیلۆ گەنم، وە ٢٠٠ کیلۆ جۆمان بەرکەوت ؟ ئایا ئەبێت ئێمە چەند زەکات بدەین ؟

**وەڵام:** سوپاس وستایش بۆخوای گەورە ومیهرەبان، درود وصەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

جمهوری زانایان پێیان وایە حصە وبەشی هەر یەکێك لەو شەریکانە ئەگەر گەشتە ڕادەی (نصاب) ی ئەو دانەوێڵەیەی کە هەیانە ئەوە زەکاتیان لەسەر واجب دەبێت، ڕادە (نصاب) ی دانەوێڵەش لەگەنم وجۆ بەپێی دەقی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : « ليست فيما دون خمسة أوسق صدقة » واتە : دانەوێڵە یان ئەو کشتوکاڵانەی زەکاتیان تێدا واجبە ئەگەر کەمتر لە پێنج ویسق بوون ئەوا زەکاتیان تێدا واجب نییە، پێنج ویسقیش نزیکەی (٦٦٥) کیلۆ دەبێت، کەواتە کەمتر لەوە زەکاتی تێدا واجب نابێت، ئەگەر گەشتە ئەو ڕادەیەش ئەگەر بەئاوی باران ئاوی خواردبوو ئەوا دەیەکی ئەو بەرهەمەی کە دێتە بەرهەم دەدرێت بەزەکاتدا،

خۆ ئەگەر بەئاوی باران ئاوی نەخواردبوو ئەوا نیوە دەیەکی دەدرێت بەزەکاتدا، واتە لە بیست پێوانە پیوانەیەکی دەردرێت بەزەکاتدا، ئەویش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : « فيما سقت السماء أو العيون العشر، وفيما سقت بالنضح نصف العشر ... »واتە ئەو کشتوکاڵەی کە بەئاوی باران یان کانیاوەکان ئاو دەخۆنەوە دەیەکی دەدرێت بۆ زەکات، ئەگەر بەئاو هەڵگۆزتن و دەرهێنانیشی بوو لەزەوی ئەوا نیو دەیەکی دەدرێت بۆ زەکات .

کەواتە ئەو ئەندازەیەی لە گەنم وجۆ بەر ئێوە کەوتوە بەپێی ڕای جمهوری زانایان زەکاتی تێدا واجب نابێت، ئەگەر تەنها هێندەتان هەبێت، بەڵام ئەگەر لەجێگایەکی تریشەوە ئەندازەیەك لە گەنم یان جۆتان پێ بڕابێت و بەرتان کەوتبێت و بەهەردووکیانەوە مەبەستمان بەگەنمی هەردوو جێگاکەوە یان بە جۆکەی هەردوو جێگاکەوە گەشتنە ڕادە و(نصاب) ی زەکاتی دانەوێڵە کە دەکاتە (٦٦٥) کیلۆ بەڵێ لەم حاڵەتەدا زەکات لەسەرتان واجب دەبێت، بەڵام ئەگەر نەگەشتە ڕادە و(نصاب)ی دیاری کراوی خۆی زەکاتی تێدا واجب نابێت .

بەڵام لای ئیمای شافعی و ڕایەکی حەنابلەکانیش پێیان وایە ئەگەر کەسێك زەوی کەسێکی کرد بە دانەوێڵە بە کرێ یان بە نیوەی یان بەهەر جۆرێکی تر، ئەگەر هاتوو ئەو خەرمانەی کە

هەڵیدەگرنەوە بەشی هەردووکیان گەشتە ڕادە (نصاب) ی دانەویڵە، واتە بەش وحصەی هەردووکیان گەشتە (٦٦٥) کیلۆ ئەوا زەکاتیان لەسەر واجب دەبێت ولەکۆی خەرمانەکە دەیەکی دەدەن بەزەکاتدا ئەگەر بەئاوی باراناو وکانیاوەکان ئاوی خواردبوو، وە ئەگەر نا بیست یەکی لێ دەدات، بەم شێوەیەش بەپێی ڕای دووەم سەیری کۆی ئەو بەرهەمە دەکرێت بۆ واجب بوونی زەکات، نەك بەشی هەریەکەیان .

بۆیە دەبینین ڕای دووەم زیاتر ڕەچاوی هەژارانی تێداکراوە ولەبەرژەوەندی ئەوانە، جەنابیشتان ئەگەر ڕای دووەمتان پێ پەسەند بوو کە ئێمەیش ئەمەیان بەپەسەند دەزانین ئەوا بەشی ئێوە و ئەو کەسەی کە زەویەکەی ئێوەی کردووە بە گەنم دەکاتە ١٨٠٠ کیلۆ و دەبێت ئێوەیش زەکاتی لێ بدەن، بەڵام بەنسبەت جۆکەوە کە بەشی هەردوولاتان کەدەکاتە (٦٠٠) کیلۆ زەکاتی تێدا واجب نەبووە، چونکە نەگەیشتەوەتە ڕادە (نصاب) ی واجب بوونی زەکات .

خوای گەورەش زاناترە .